# هەناسەیەک بەرلەمردن ...!

سەروەر کەریم

**بە زاهیدە کانی پەرستگای عەشق ، بە خەزان پێشکەشە**

**قەدەری ئێمە نەبوو لەدایک بووین**
**لەشەوێکی نهێنی دا ...**
**ئارەزوە شەهوانیەکانی پیاوێک هێنانیە بوون و،**
**فڕێ داینە تەمەڵخانەی ژیان .**
**بەدەست خۆمان نەبووفێری ئەلف وبای خەوون بین و**
**یاری لەگەڵ قەدەری خۆمان بکەین .**
**کارەساتە ... کارەسات**
**بەبێ بوونی خۆمان بێینەگۆو**
**یاری لەگەڵ خەونەکانمان بکەین .**
**جەخار تازە ئاشنا بووین**
**ئیدی کەس پەی بەناخمان نابات و ،**
**گوێ بۆڕازەکانی دۆڕانمان ناگرێت.**
**خۆمان تەنیاین ... تەنیا**
**هیچ کەس نامانباتەوە سەر لەدایک بوون**
**هەموو ڕێگاکان بەرەو مردنمان دەبات .**
**قەدەری ئێمەیە گوێ بۆ درۆکان بگرین و،**
**بەپێکەنینی درۆزنانەی ژیان خەنی بین .**
**ئەوە دۆڕانێکە لەئەزەلەوە ئاشنایە بەڕۆحی ئێمە .**
**ئێمە ئەلف و بایەک لەخۆشەویستی فێرنەبووین**
**ڕۆژانە لەگەڵ فیراق گەمەدەکەین و**
**مەستانە باسی خەونە جاڵجاڵۆکەیەکانی عەشق دەکەین ،**
**بەبێ ئەوەی خەونمان هەبێت و**
**لەماناى فڕینی پەپولەکان بگەین .**
**ئای کەگێل بووین دڵی خۆمان دایە دەست ،**

قەدەری ئەم ژیانە دڵڕەقەی عەشق تیایدا وونە و

زاهیدانە عاشق بووین .

ئێمە نەمانزانی ، لەدرۆ عەشق ناکرێ .

خەیاڵدانی ئێمە بێ عەشق لەدایک بووە

ڕۆژانە درۆدەکەین

کەس هێندەی ئێمە لەگەڵ درۆ ئاشنا نیە و،

هەموو ڕاستیەکانمان لەناخماند نغرۆ کردوە و

مەستانە بەدوای دواین پێکی خۆشنودی گەڕاین

وەلێ ژیان سەرابی نیشان داین .

ئای کەنەزان بووین

بەشوێن نیگا فێڵاویەکان کەوتین و

ڕۆژانە نیگای درۆزنانەمان دەگۆڕیەوە

لەوسەریشەوە بەبەتاڵی گەڕاینەوە .

ئای چی زەمەنێکە

پایزو گەڵا بەبێ یەک بژین و

خەندەی سەر لێوی ئێواران ،

لەتارمایی بچێت و

دڵی شارێک شەقار بکات و ،

ماڵێک لەدرۆ دروست بکات .

ئەوە چی قەدەرێکە

پایز سەمفۆنیایەک بەوەرینی گەڵاکان دروست نەکات و

ژیانمان ببێتە کارەسات و

جەستەی بێ عەشقمان بەدوای زەمەندا بەکێش بکەین ..

2006/10/15